سلەمانی: سەرکەوتنی پلانەکانی یادی نەورۆز راگەیەندرا

قائیمقامی سلەمانی پێیامەک بڵاودەکاتەوە تێیدا سەرکەوتنی پلانەکانی یادی نەورۆز رادەگەیەنێت و پیرۆزبایی ساڵی نوێی کوردی لە هاووڵاتیان و لایەنە ئەمنی و خزمەتگوزاریيەکان دەکات.

ئاوات محەمەد قائیمقامی سلەمانی پێیامەک بڵاودەکاتەوە تێیدا دوای ئەوەی پیرۆزبایی سەری ساڵی نوێی کوردی کرد، دەستخۆشی لە هاووڵاتیانی شاری سلەمانی و لایەنە ئەمنی و خزمەتگوزاریيەکان کرد کە سەرکەوتنی زۆری چالاکییەکان و کەبوونەوەی ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان و گەشتیاران لە چەند شوێنکی جیاواز، تەواوی مەراسیمەکانی رۆژی نەورۆز و کردنەوەی ئاگر بەسەرکەوتویی و بێبە هیچ رووداوێکی نەخوازراو ئەنجام دران.

ئاوات محەمەد راشیگەیاندووە، سەرباری هۆشیاری و دەسزی هاووڵاتیانی شارەکەمان، هێزە ئەمنییەکان و سەرجەم فەرمانگە خزمەتگوزاریيەکان و تەواوی فەرمانگەکان بەوپەڕی دەسزییەوە وەکو یەک تیم کاریان کردو رێگیان ندا رووداوی نەخوازراو دەخی چالاکییەکان و دەخشی هاووڵاتیان تێک بدات.

ئاماژەی بۆشکردووە، تەنها دوو رووداوی هاتوچۆ تەماركران كە ڕێكاری پێویستیان لەگەڵ گیراوەتەبەر.